# لەپرسەی خەمێكدا

## كەمال ڕەئوف

ئەستەمە ڕۆژێك بەسەرتا تێپەڕێت و تۆ لەم دەڤەرەدا كە بانگەشەی دیموكراتی و ئازادی لێدەكرێ گوێ بیستی چەندین هەواڵ وكارەساتی خەماوی لەبارەی ژنان و كچانەوە نەبیت, ئەستەمە كەسێكی هوشیارو ویژدان تەندروستت دەست بكەوێت كە بەخوێندنەوەو بیستنی ئەو دەریا هەواڵەی كە پتر لە پانزەساڵە ڕۆژانە لەمیدیاكاندا چەند بارەدەبنەوە و باس لەمەینەتیەكانی ئەم بەشە لەكومەڵ دەكەن چەندین جار پرسیاری لەو جۆرەی لادروست نەبووبێت ,كە ئاخۆ چییە وادەكات كەئێمەی پیاوان بەدرێژای مێژووی پیاوسالاری حەزمان بەوەبووبێت رەقیبی سەر ژنان بوبێتین؟ یان ئاخۆ چییە وادەكات كە بەشێكی فراوان لەپیاوان چێژ لەوە ببینین كەبە دڵ ڕەقی و زۆردارانە دۆزەخ بۆ هاوتاكەی ژیانی خۆیان دروست بكەن ؟ ئاخۆ ئەوە چ هێزێكی نادیارو كاریگەرە, ئەوە چ باكگراوندێكی سیاسی و ئەخلاقی و فەرهەنگییە كە وادەكات بەجوینەوەی درۆی ئەخلاق و فێڵ و تەلیسمی و داب و نەریت و تەڵەی سیاسی بەهانە بۆ ئەو دۆزەخ بازی ودڵ ڕەقی و ناجۆرییەی خۆمان بهێنینەوە ودەست بەو هەلومەرجە پڕ لەناسۆرو ئازاربەخشەوە بگرین كە بۆ ژنانمان دروست كردوە؟.

مرۆڤ كەلەدوورەوە هەواڵەسورەكانی ناوخۆی كوردستان لەسەر ژنان دەخوێنێتەوە, یان كەچاو لە هەلومەرجێك دەكات كە ئێستا بۆ ژنان و كچانی كورد لەئارادایە, ئەو بڕوایەی لا دروست دەبێت كە پیاوانی كۆمەڵگەی ئێمە هیچ مەراق و كارێكیان نیەو تەنها خولیاوكاریان هاتۆتە سەر ئەوەی بەشوێن نوێترین شێوازدا بگەڕێت كە داهاێنان بكەن لە چۆنیەتی كوشتن و ئەتكردنی ژنان و كچان دا, ئاخر ئەوە دەستكراوەیی پیاوانی ئەم دەڤەرەیە و حساب بۆ نەكردنی حكومەت و یاسایە كەلای بكوژانەوە هەر ڕۆژە چەندین تاوان دەرهەق بە ژنان و كچان دەكرێ وناچاربەوە دەكرێن ئاگر لەجەستەی خۆیان بەردەن, ئەوە تیرۆركردن و ئەتكردنی یاساو حكومەتە كە شەقام و ماڵ و بنبەردو كوچە و چەم و ڕوبار نەماوە هەر ڕۆژە لاشەی ژنی كوژراوی تیانەدوزرێتەوە, ئەوە چ حكومەت و یاسایەكە كە ئێستا هەیە ولەژێر پەردەو مكیاژی ئازادی و سەركەوتن و دیموكراتیتەوە بەناوی ئاین و ئەخلاقەوە ژنانی كردۆتە كۆیلەی پیاوان؟ ئەوە یاسای چ جنگەڵستانێكە كە كوشتن وفەناكردنی مرۆڤی لە خۆشەویستی و جووتبونی دڵخوازانەی نێوان مرۆڤەكان لەلا شەریفانەترو جوانترە؟. ئاخۆ ئەو یاساو حكومەت ودادپەروەرییە لەكوێی عەدالەتی كۆمەڵایەتیدا وەستاوە لەكاتێكدا كەدەبینین بكوژان بەئازادی و بێ سڵەمینەوە یاری بە بكوژەكە دەكەن و وێنەی دەگرن شانازی بەوەوە دەكەن كە داهێنەری نوێترین شێوازی ژن كوشتنن؟. بەڵی ئێمە دەڵێن حكومەت و یاسا و ڕووی دەمان لەوان دەكەین چونكە ڕەنگە هیچ كاتێك دەستڕێژی و سوكایەتی پێكردن بۆ سەر ژنان و كچانی ئەم دەڤەرە, ڕووداوی خۆكوشتن و فەناكردن هێندەی ڕادەی ئیستا و ئەو سەردەمە لە ئاستێكی بالأدا نەبووبێت كە ئێمەی پیاوان ناومان ناوە سەردەمی دەسەلأتی كوردی و ئازادی و دیموكراتی و مەدەنی, ئاخر تۆ ناتوانیت بە هیچ بەهانەیەك خۆت بەوە قانع بكەی كە ئەوەی ڕوودەدات و ڕوویداوە بەریەك كەوتنێكی ئاسایی نێوان تاكەكانی نیۆ كومەڵ بێت, تۆناتوانیت بەبوونی بیناي بەرزو مۆدێلی تازەی سەیارەو پارەو پولی زۆرو قەبە جەرگبڕی ئەو قەتڵخانەیە لەبەرچاوی خۆت كاڵ بكەیتەوە كە لەكاتێكدا دەبینیت لەبندەستا لە دەسەلأتێكدا كە دەم لە ئازادی و دیموكراتی و مافی مرۆڤ دەكرێ وفەزڵی پێشكەوتن بەسەرتا لێدەدرێت كەچی لەولاوە ئەو هەموو تاوان و كوشتن و هەلأواردنەی سەر ژنان ببینیت.

حكومەت و پیاوانی ئیدارەو سیاسیەكان بۆ لەخۆیان ناپرسن ئاخۆ ئەو هەموو خۆكوژیەی ژنان و ئاگربەردانە جەستەیە چییە؟ ئەوان كەناپرسن و ڕاگوزەرانە و سەرپێیانە دەڕوانە ئەو هەموو ڕووداوە ئەوا ئێمە لەوان دەپرسین ئاخۆ ویژدانی ئەم دەسەلأتە چەندە ناتەندروست و نەكلۆك بێت؟ ئاخۆ ئەو ویژدانە لە چ ڕەقەلأنێكی نەیاری سیاسیدا ڕوابێت وا بە درێژای پانزەساڵ دەر ناكەوێت و شین نابێت و نابینرێت؟. دەسەلأتێك ئەگەر كوشتنی سەدان كچۆڵە ویژدانی نەبزووێت, دەسەلأتێك ئەگەر چاوی ئەو ڕۆحە نەبینێت كەلەلاشەی كیژێكی یاخی لاشە ئاگراوی بەرزدەبێتەوە, ئەو دەسەلأتە نە چاوی

هەیە و نەگوێی و نەویژدانی تەندروست, ئاخر تۆناتوانیت بە دەسەڵاتێك بلێت نورماڵ و تەندروست کە لەمەڕ ڕووداوگەلێکی لەو جۆرەدا ویژدانی نەجولێنێت و هەست بەوە نەکات و لەخۆی نەپرسێت ئەوە چ کارەساتێکە کە ئەوان بەناوی داب و نەریت و ئاین ئەخلاقەو سیاسەتەوە بۆ ئەم بەشە لەهاوتاکەی ژیانی خۆیان دروست کردوە؟خۆ ئەگەر بڕیارە یاسا و حکومەت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ بێت ئەوا ئەزموونی چەندساڵی ڕابردومان نیشانی دا کە ئێمە تا ئێستا دەستمان نەگەیشتووە بە یاسایەك کە کاری پاراستنی مافی وەك یەکی ئەندامەکانی کۆمەڵ بیت و حکومەتێکیشمان نەبینیوە کە ئیشی لەسەر ڕێکخستن و پێشخستنی کۆمەڵ کردبێت, بەپێچەوانەوە ئێمە تا ئێستا کارمان بەیاسایەك کردوە, حکومەتێکمان بینیووە و بەرهەمهێناوە کە میراتی بەعس و کۆپیەکی سەقەت و شێواوی دەسەڵاتە عەرەبیەکانی تری ناوچەکەیە هەر بۆیە وەك ئەوان چەمکی حکومەت و یاساو سیاسەت و ئاین چەند دیویی دژ بەیەك و جیاوازی هەیە کە بەداخەوە بەشە ڕەش و بەسوێ وخوێناویەکەی بەر ژنان وکچان کەوتووە. ئەوەتا حکومەتی کوردی لە دەرەوەی هەرێم داوای ئەوە لەخەڵك دەکەن ئاین و دەوڵەت لە یەکتر جیابکەنەوە لەناویشەوە خۆیان دەریایەك پارەو پولیان بەخەرج داوە تاکو بە چەسپ پێوەلکاندنی ئاین و دەسەڵات ڕاگرن , ئێمە خاوەن دەسەڵاتێکین کە لەدەرەوەی هەرێم تاسەر ئێسك عەلمانین و ئازادی خوازین و بە وی دی دەڵێن چاو لە ئێمە بکەن و ڕێزی ئەو پێشکەوتنەمان بگرن و لەناویشەوە بە بلۆك کچان دەکوژین و شەرم نامان گرێت لەو هەموو قەتڵ و سوکایەتیەی بەناوی ئاین و و ئەخلاقەوە بەسەر ژنانماندا سەپاندوە , خۆ ئەگەر بڕیارە ئاین بۆ لەیەك تێگەیشتن و فەلسەفەو بەرنامەی خواپەرستی و ڕێکخستنی کۆمەڵ بێت ئەوا ئێمە تا ئێستا هەر ئاینێکان بینیوەتەوە کە ئەویش تاسەر ئێسك دژی ئازادی و دیموکراتی بووە ولەپشتی ئەو دەریا زوڵم و کارەساتەوە بووە کە بەسەر سەری ژنانەوە وەستاوە, ئەگەر بڕیارە ئەخلاقیات ئەوەنیشانی مرۆڤ بدات کەتاچەندە مرۆڤ دەتوانێت پابەندبێ بە ئەدەبایەتی مرۆڤی سەردەمەوە و لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا ژیان بکات و ڕێزیان بگرێت, ئەوا ئێمە لەچەندساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەو دەسەڵاٌت و حاکمانەوە شاهیدی سەرهەڵدانی مودیل جۆرە ئەخلاقیاتێکین کەپیاوی کردوەتە خاوەن کویلەو ژنیشی کردۆتە کویلەکەی پیاو ئەخلاقیاتێك کە پیاو لە کوشتنی ژنان نەپرنگێتەوە, ئێستە ئێمە لەسایەیی ئەم حکومەت و حیزبە کوردیەکاندا خەریکی لاواندنەووەی ئەخلاقیاتێکین کەلە هیچ شوێنێکی تەندروست و پێشکەوتووی ئەم جیهانە باوی نەماوە وبەسەرچووەو نابینرێتەوە.